

# (ڤیان) بەسەرهاتی دوو ساڵی سکرتێرەیی خۆی دەگێڕێتەوە

چۆنیەتی گێڕانەوەی ئەم گەشتە

(ڤیان) ئەوە چەند ساڵێکە لە وڵاتی سویدە و لەوێ وەکو هەر ئافرەتێك ئێستاکە بەوپەڕی خۆشی و ئارامییەوە دەژی و بێئەوەی ئاتاجی بەهیچ شتێکەوە بێت و وەکو خۆی دەڵێ «ژیانی ئێرەم تا بڵێی خۆشە و هیچ کێشە و کەموکوڕیەکم نییە. بۆ خواش دەڵێم ئەگەر من سکرتێرەی بەرپرسەکەم نەبوومایە و ئەویش هەوڵی بۆ نەدابام، بەخوا بەخەونیش ئێرەم نەدەبینی، کە من شەو و رۆژ خەونم بە گەشتن بە ئەوروپاوە دەبینی. «(ڤیان) ئێستا ژنێکی سی و دوو ساڵەیە و خۆی بە تەنیا دەژی و مێردی نەکردۆتەوە. لەڕێی هێڵی ئینتەرنێتەوە گفتوگۆیەکی چەند جارە و دووروودرێژمان لەگەڵ یەك بۆ رێکەوت. (ڤیان) ئەگەرچی قژێکی درێژی رەشی هەیە، بەڵام خۆی سپیلکەی چاو سەوزی برۆ و برژانگ گەورە و زێدە جوان و ناسکە و ئێستاش لەوپەڕی جوانی و شۆخ و شەنگیدایە، لەرێی وێنەیەکی سەر ئینتەرنێتەوە سەیریم کرد وبینیم و وتم: باشە ئەمە لەم وێنەدا و لەم تەمەندا وەها جوان بێ، ئەی کە لە تەمەنی بیستەکاندا بووە دەبێ چ جوانییەکی هەبوویێت. ئەو بەخۆی حەزی کرد بەسەرهاتی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە، هەم وەکو ئەزموونێکی کەسیی، هەمیش خستنەڕووی بەسەرهاتەکەی وەك نیشاندانی لایەنێکی ژیانی کەسانێك وەختایەك کە دەکەونە ناو تەماحی کەسیی دەستڕۆیشتووی خاوەن بەرپرسیاریەت کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەتی جوان دەکەن و چی لەگەڵ دەکەن. با لێگەڕێین (ڤیان) بەخۆی ژیان و بەسەرهاتی خۆیمان لەگەڵ بەرپرسەکەی بۆ بگێڕێتەوە..(ڤیان) بەمجۆرە قسەی کرد و وتی: تەمەنم بیست و یەك ساڵ دەبوو کە لە وەزارەتێك وەك فەرمانبەرێك کە بڕوانامەی شەشی ئامادەیم هەیە، دامەزرام. سەرەتا کە دامەزرام دڵم یەکجار خۆش بوو و یەکەم رۆژی دەوامم زۆر بەشەوق و خۆش بوو وامدەزانی دنیا هەمووی هی منە. کە دەستم بەدەوام کرد سەرەتا لە ژووری کۆگایان دانام و ئیشی ئەم بەشەم دەکرد. مووچەکەم زۆر نەبوو، بەڵام هەر باش بوو. تازە شووم کردبوو. جا کە منیش دامەزرام پیاوەکەم زۆری پێخۆش بوو، چونکە باری داریمان باشتر دەبوو. کە دامەزرام زۆر تێکەڵی ئەم و ئەو نەدەبووم، بەڵام دەمدیت پیاوەکان چ ئەوانەی بەژن بوون چ ئەوانەی سەڵت بوون لە دەور و خولم دەسووڕانەوە. لەم ماوەیەدا چەند کەسێك لە فەرمانگە لێم نزیك بۆوە، بەڵام رووم نەدەدانێ خەمی من زیاتر ئەوەم بوو کە چۆن خەرجی رۆژانەی ماڵ و کرێی خانوو دابین بکەم، بۆیە سەرنج و چاو

تێبرِینی دەوروبەرم ئەوەندە بەلاوە گرنگ نەبوو. بەهەرحاڵ یەك دوو مانگی پێچوو رۆژێك بەرِێوەبەری بەشەکەمان بانگی کردم و پێیوتم کە بچمە بەشەکەی بۆئەوەی فێری ئیشی تازە ببم. بەڵام دواتر زانیم کە مەبەستی تەنیا ئەوەبوو لێوەی نزیکبم. بەرِێوەبەرەکەم پیاوێکی زۆر چاو لەدەر و تەماحکار بوو.

چەند جارێك بوو تیر و توانجی نارِاستەوخۆی تێدەگرتم، بەڵام رووم نەدەدایێ و وەڵامیم نەدەدایەوە. هەوڵمەدەدا خەریکی کاری خۆم بم، بەڵام وازی لێنەدەهێنام بەخۆشی و ناخۆشی شەرِی پێدەفرۆشتم، ناچار فەرامۆشیم دەکرد ئیتر ئەو بە فەرامۆش کردن شێت و هار دەبوو. بەردەوام ململانێی دەکردم، لەسەر ئەوە یەك دوو جار بە هەنجەتی کەمتەرخەمی کردن لەئیش سزای دام. چەند جارێکیش مووچەی لێبرِیم. ئەم شەرِ پێفرۆشتنەی بەردەوام بوو، زۆر بێزاری کردبووم، هیچ مانگێك نەبوو مووچەم نەبرِێت، چەند جارێك داوای گواستنەوەم کرد کەچی کە داواکەم پێشکەش دەکرد، دەیوت گواستنەوەی چی فەرمانگەکەمان پێویستی بە میلاك هەیە چۆن رازی دەبم لێرە برِۆی. زۆر بێزار و وەرِسی کردبووم. ئاخر لەلایەك پیاوێکی رەزاگرانی لەمن گەورەتر بوو. دەمتوانی رادەیەك بۆ شەرِپێفرۆشتنەکانی ئەو دابنێم، ئەگەر یەکجار تەنیا یەکجار قسەیەکی خۆشم لەگەڵ کردبا، بەڵام منیش لەرقان قەت نەمدەهێشت بەو ئاواتەی بگات. رۆژێك یەکێك لە کچەکانی هۆبەکەمان وتی: (ڤیان) تۆ بۆ ناچی لای فلان (کە بەرپرسێکی گەورە بوو) شکات لەم بەرِێوەبەرە شەرِفرۆشە بکەی مادام ئەوەندە ململانێت دەکات؟ منیش وتم جا من چۆن دەگەمە ئەو کەسە و ئەو من لەکێ دەناسێ تا داکۆکیم لێبکات؟ وتی من بەفلان کەس دەڵێم ئەو پێوەندی لەگەڵ خۆشە و بە ئاسانیش دەتوانێ بتباتە لای. وتم زۆریش مەمنوونت دەبم ئەگەر ئەم هاوکارییەم بکەی.

ئەو کاتەی بەرپرسەکەم ناسی

(ڤیان) بەردەوام دەبێ لەسەر گێرِانەوەی بەسەرهاتی خۆی و دەڵێ: ئەو کچە کابرای لە کێشەکەی من ئاگادار کردەوە و ئەویش هاتە لام کە چاوی پێمکەوت (چونکە پێشتر نەیبینیبووم) چاوی ئەبڵەق بوو، دیقەتی دەدام و لێم ورد دەبۆوە، کچەکە کە لەپێش من باسەکەی لەگەڵ کردەوە ئەویش یەکسەر ئامادەیی خۆی دەربرِی و بەڵێنی دا کە بەزووترین کات مەوعیدێکم بۆ رێکبخات. ئەوەبوو هەر بۆ بەیانی مەوعیدی بۆ وەرگرتم و لەگەڵی چوومە لای ئەو بەرپرسە. کە چوومە ژوورەوە کابرای بەرپرس خۆی بە ئیمزاکردنی کاغەزەکانی بەردەمی خەریك کردبوو، گوایە ئاگای لەمن نییە ئیتر سەلامێکی لێکرد ئەویش سەری هەڵبرِی و تەماشای منی کرد و کابرا وتی: گەورەم ئەمە ئەو فەرمانبەرەیە کە باسی کێشەکەیتم بۆ کرد؟ بەرپرسەکە تەماشایەکی ورد و قوڵی کردم و دەموچاوی بەتەواوی گەشایەوە، بەڵام هەوڵی دەدا خۆی وا نیشان نەدا کە جێگەی سەرنجی نیم. بە منی وت فەرموو دانیشە. سەیرێکی کابراشی کرد واتە تۆ برِۆ. ئیتر ئەویش تێگەیشت و یەکسەر رۆیشت. جەنابی بەرپرس دەرفەتی دام کە باسی کێشەکەی بۆ بکەم، منیش بەدوور و درێژی باسی ململانێی بەرِێوەبەرکەمم بۆی کرد. کە قسەم بۆی دەکرد لەبنی پێمەوە تا تەوقی سەرم دیقەتی دەدام و وردە وردە بە گفت ولفتی خۆش و نەرم و نیانانە دڵی دەدامەوە. ئاخیریەکەی وتی: باشە بۆ نابیتە سکرتێرەی من وەزعت لە هەموو روویەکەوە باش دەبێ، هاوکاری ماددی و مەعنەویت دەکەم و پێوەندیشت بە یەکجارەکی بەو بەرِێوەبەرە نامێنێ. منیش یەکسەر بێ سێ و دوو رازی بووم. شوێن و جێگەی بۆ دیاری کردم وەك سکرتێرەی شەخسی خۆی دانام، تەنیا ئەو ئیشانەم پێدەکرا کە خۆی دەیویست. کابرای بەرپرس بەرِێوەبەری نووسینەگەشی هەبوو، زۆرجار ئەگەر شتێکی لێم بویستایە راستەوخۆ بەمنی نەدەوت، بەڵکو لەرێی ئەوەوە پێمرِادەگەیەنرا. بێگومان کە لەو نزیکبوومەوە لەدەست بەرِێوەبەرە وەرِسکەرەکەم رزگارم بوو، سەرەتا برِە پاداشتێکی بۆ سەرف کردم، بەڵام مانگی دواتر و بەولاوە بەقەت دوو هێندەی مووچەکەشم برِی پاداشتی مانگانەی بۆ سەرف دەکردم. دەبوو تازەترین مۆدیلی جل لەبەربکەم چەندیش گران بوایە کێشەم نەبوو، چونکە ئەو خەرجی جلوبەرگیشی بە زیادەوە بۆ دابین دەکردم گوایە لەبەر هەیبەتی شوێنەکەیە. هەستم دەکرد کابرا رۆژ بەرۆژ لێم نزیك دەبێتەوە و هۆگرم بووە. هەر شتێکم بویستایە بێکێشە رەزامەندی لەسەر دەدا. هەر لەمۆڵەتەوە بیگرە تا سەرفکردنی پارەی سەفەر و پاداشت و هاندان وکارتی مۆبایل و نازانم چیدی. زۆرجار داوای لێدەکردم دوای دەوامیش لەگەڵی بمێنمەوە، منیش دەمامەوە. دیارە مێردەکەم ئەو شتانەی دەزانی، چونکە پێیمدەوت، ئەویش نارِازیبوونی نیشان نەدەدا و دەیوت دیارە بەرپرسێکی چاو تێر و باشە بۆیە وا پاڵپشتی و هاوکاریت دەکات، ئەوندەش دڵسۆزە دوای دەوامانیش دەمێنێتەوە. با ئێمەش خۆمان دروستبکەین تا ئەو لەم شوێنە ماوە. زۆر جاریش لەگەڵی دەچوومە ماڵێکی کە تیایدا بەتەنیا دەژیا و گوایە ئەوێش هەر وەك نووسینگەی تایبەتی وایە. لەم ماڵەیدا جاری وا هەبوو تەنیا بۆ مەی خواردنەوە دەچوو، ئەو وای رایهێنابووم و بەشێنەیی رەفتاری لەگەڵ دەکردم و وای لەمن کردبوو رۆژ بە رۆژ ئەو شتانە بەشێوەیەکی ئاسایی وەربگرم و لەگەڵی بژیم. ئەگەر رۆژێك مەبەستی بوایە بچێتە ئەم ماڵە بۆ مەی خواردنەوە، پێشتر پێیدەوتم و داوای لێدەکردم جلی جوان لەبەر بکەم و لەگەڵی بچم. ئیتر پێوەندییەکەمان لە سکرتێرە و بەرپرس بووە پێوەندییەکی تایبەت و دۆستانە. ئیتر زۆر شت بە ئاسانی بۆم مەیسەر ببوو. ئینجا وردە وردە رووی لەخۆم کرد و داوای شتی تایبەتی لێدەکردم. سەرەتا نارِازی بووم، ئەویش چەند جارێك لێمی دووپات کردەوە، بەڵام هەر نارِازی بووم، ئیتر ویستی فشارم بخاتە سەر بەوەی تۆزێك ئیهمالی کردم منیش گوێم بە ئیهمالکردنەکەی نەدا. چەند جارێ فشاری تری خستە سەرم، بەڵام هەر خۆم بە دەستەوە نەدا وەك شەخسی خۆم. دواتر لێی کردمە راستی و رۆژێك دوای دەوام هەموو چوونەوە تەنیا منی هێشتەوە، بانگی ژوورەکەی کردم و دانیشاندم. هەندێ لەگەڵم دوا و بە یەك دوو قسە هەرِەشەیەکی نەرم و نیانی لێکردم و برِیارەکەی بۆ خۆم بەجێهێشت. هەرِەشەکەی هی گاڵتە نەبوو، هەر ئەوکاتی دوای چەند خولەکێك ئیدی بە داواکەی رازی بووم و کاری خۆی لەگەڵ کردم لەو رۆژییەوە بوومە یەکێ لە عەشیقەکانی. تاکە داوای ئەو ئەمە بوو کە نەهێڵم بەهیچ شێوەیەك منداڵم نە لەو نە لەمێردەکەم بێت، مێردەکەم هەستی بە شتێك دەکرد، بەڵام نەیدەزانی مەسەلە چییە، گومانی لێم پەیداکرد و چەند جارێك کردییە کێشە و منیش بە بەرپرسەکەمم وت و ئەو وتی خەمت نەبێ من چارەسەری کێشەکە دەکەم، بەڵام کارەکە هی ئەوە نەبوو بشاردرێتەوە، چونکە خەڵکیش هەبوو قسەیان دەکرد. کێشەی من و مێردەکەم تەشەنەی کرد و خەریك بوو ئیشەکە زۆر گەورە بکات و بیگەیەنێتە دادگا و تەڵاقم بدات. ماوەیەك زیز بووم و لە ماڵی ئەو دەژیام، ئێمە(من و کابرای بەرپرس) پێوەندییەکەمان نزیکەی دوو ساڵی خایاند بوو و خەریکبوو دەتەقیەوە، بۆیە ویستی رادەیەك بۆ ئەم پێوەندییە دابنێ، رۆژێك لەگەڵ هەردووکمان دانیشت و وتی: من چارەسەرێکی زۆر باشم بۆ کێشەکەتان داناوە بەدڵی هەردوولاتان دەبێ، ئەگەر ئێوە حەزتان لێیە دەتانێرمە دەرەوەی وڵات و نیشتەجێبوونیشتان بۆ دابین دەکەم. ئەوەبوو هەردوولامان بەم رێگە چارەیە رازی بووین و هەردووکان لە وڵاتێکی ئەورووپی گیرساینەوە و دواتر مێردەکەم تەڵاقی دام.

# گرفتەکانی کارکردنی ئافرەتان لەکەرتی تایبەت

ئا: دیار سالار *

شتێکی روون و ئاشکرایە کە لەرۆژگارێکی وەك ئەمرۆماندا ئافرەتان وەك پیاوان بەردەوام گشت جۆرە کارێك ئەنجامبدەن و لە هەمووشوێنەکاندا کاربکەن.

دەتوانم بڵێم لەگشت کۆمەڵگەکانی جیهاندا لەئەنجامی زۆربوونی داواکارییەکانی تاك و پێویستبوونی تاك بەداهاتێکی رۆژانە، بەشێوەیەکی گشتی رێژەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان بەهەردوو رەگەزەوە روویان لەکارکردن کردووە لەبوارەکانی کەرتی تایبەتدا.

بێگومان ئافرەتانی کوردیش لەهەرێمی کوردستاندا لەم ساڵانەی دواییدا کەوتوونەتە هەوڵدان بۆ کارکردن لەبوارەکانی کەرتی تایبەتدا.

ئەوەی مەبەستمە زیاتر هەوڵدەدەم لەم ریپۆرتاژەدا کە بەشێوەیەکی ورد لە رەوشی بەرێوەچوونی ژیانی رۆژانە و کێشەو گیروگرفتی ئەو ئافرەتانەی کە لەبواری کەرتی تایبەتدا کاردەکەن و زیادبوونی رێژەی ئەو ئافرەتانەی کە لەشوێنە گشتیانەدا کاردەکەن، بەتایبەتی سوپەرمارکێتەکان و دامەزراندنی ئافرەتەکان لەم جێگایانەدا و زۆر خاڵی سەرەکی تر کە دەمانەوێت دەستنیشانی بکەین.

(س) یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لەیەکێك لە مینی مارکێتەکانی ناو شاری هەولێر کاردەکات، ئەو زیادبوونی ئافرەتانی لەکارکردنی ناو سوپەرمارکێتەکان گەڕاندەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی کە یەکەمیان پێویستبوونی ئەو جێگایانە بەئافرەتان، لەبەر ئەوەی ئەم جێگایانە پێویستیان بەوەیە ئافرەت کاری تێدا بکات، چونکە ئافرەتان زیاتر سەرنجڕاکێشترن لەپیاوان و کاتێك ئافرەت لەم جێگایانەدا کاربکات جۆرە رەواجێك بۆ ئەو جێگایە دروست دەبێت و کڕیاری زیاتر دەبێت، هۆکاری دووەمیان خاڵێکی زۆر گرنگ و سەرەکییە کە ئافرەتان زۆر بایەخ بە پاکوخاوێنی دەدەن و زۆر بەشێوەیەکی جوان و رێکخراو کەلوپەلەکانی ناو سوپەرمارکێتەکان دەڕازێننەوە و بایەخێکی زۆر بە پاکوخاوێنی ناو سوپەر مارکێتەکان دەدەن و رێزی زۆر لە کڕیارەکان دەگرن.

هەروەها ئەو کارکردنی خۆی بەپێویست زانی لەو مینی مارکێتەدا، چونکە ئەو ئێستا داهاتێکی سەربەخۆی هەیەو هاریکاری باوکی و دایکی دەکات، چونکە باوکی نەخۆشیەکی درێژخایەنی هەیە و توانای کارکردنی نەماوە و دایکیشی لەبەر خراپی باری تەندروستی ناتوانێت کار لەدەرەوەی ماڵدا بکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناوبراو دوو خوشك و برایەکی لەخۆی بچووکتری هەیە کە لەقوتابخانە دەخوێنن، بەڕای ئەم کچە کارکردنی ئەو لەبواری کەرتی تایبەتدا راستە تارادەیەك توانیویەتی خزمەتێك بەخێزانەکەی پێشکەش بکات، بەڵام گەلێك کێشەی بۆ دروست کردووە، لەوانە: لەرووی کۆمەڵایەتیەوە هەمیشە لەلایەن خەڵکانێکی کۆنەپەرست و نەفز نزم و دەروون پڕ لەنەخۆشەوە



بەچاوێکی نزم تەماشادەکرێن و زۆرجار لەلایەن دراوسێکانیەوە بە توانج و قسەی ناشرین ئازاری دەروونی دەدەن، ناوبراو تەئکیدی لەسەر ئەوەش کردەوە کەزۆر جاران لەلایەن کڕیارەکانەوە کە بەداخەوە هەندێکیان مرۆڤی خوێندەوار و بەناو رۆشنبیرن، مامەڵەی خراپی لەگەڵدا دەکەن کە مامەڵەکانیان دوورە لەکرداری مرۆڤانە.

خاتوو (هـ) قوتابی کۆلێژەو دوای دەوام ئەویش لەیەکێك لەسوپەرمارکێتەکان لەناو شاری هەولێرە کاردەکات، ئەو زیادبوونی ئافرەتانی ناو ئەم شوێنانەی گەڕاندەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی، یەکەمیان: ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی زیاتر لەسەرخۆ و هێمنترن و بەشێوەیەکی جوانتر کارەکانیان دەکەن و رێز لە کڕیارەکان دەگرن، بەمەش کڕیار زیاتر روو دەکەنە ئەو جێگایانەی کەئافرەت تیادا کار دەکات، هەروەها خاڵی دووەمیان: کرێی کارکردنی ئافرەتان زۆر لەهی پیاوان کەمترە، لەبەر ئەوەی ئافرەتان لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بواری کارکردنیان لەهەموو جێگایەکدا بۆ نەڕەخساوە و ناتوانن هەموو کارێکیش بکەن.

ئەو وتیشی: تائێستا رووبەڕووی زۆر کێشە بوومەتەوە، چونکە خەڵکانێکی کۆنەپەرست هەن دژی کارکردنی ئافرەتانن لە بوارەکانی کەرتی تایبەتدا و بیروڕای ئەم خەڵکانە دواکەوتووە و ناتوانن بیر و هزری خۆیان بەرەو پێش بەرن. کارکردنی من لێرەدا گەلێك کێشەی بۆ دروست کردووم، بۆیە تارادەیەك ماندوبوونی دەروونیمان پێوە دیارە. (ع) یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لەبەر قورسی و گرانی باری ژیان ناچار بووە لەقۆناغی شەشەمی وێژەیی واز لەخوێندن بهێنێت و کارێك بۆخۆی بدۆزێتەوەو لەیەکێك لەسوپەرمارکێتەکاندا کاربکات و تارادەیەك خزمەتی خۆی کەسوکاری بکات، بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و وتی: وەك کچێك کە لەم بوارەدا کاردەکەم، رۆژانە لەگەڵ زۆر کەسدا تووشی کێشە دەبم، چونکە بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵگەی ئێمە هەندێکیش لە گەنجانی کۆمەڵگەی ئێمە بەچاوێکی نادروست تەماشای ئەو ئافرەتانە دەکەن کە لەم بوارانەدا کاردەکەن، کێشەی ئێمەش نەك لەگەڵ گەنجانی نەخوێندەواردا بێت، بەڵکو زۆرجار تووشی کێشە دەبین لەگەڵ گەنجانی قوتابی کۆلێژەکان بە توانج لێدان و قسەی هەرزەکارانە و مامەڵەی ناشایستە کە گونجاونیە لەگەڵ ئافرەتان دا بەکاربێت. ئەوەی جێگەی داخە هەندێك کچی نەفامیش مامەڵەکانیان لەگەڵماندا نادروستە و زۆر جاران خۆیان بەسەرمان دا تووڕەدەکەن و بە خۆبەزلزانی و دڵرەقیەوە قسەمان لەگەڵ دەکەن، ئەمەش ئازارێکی دەروونی بۆ ئێمە دروست دەکات. بەتایبەتی جارێك لەجارەکان کچێك زۆر نامرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵمدا کرد، ئیتر راستەوخۆ دەستم بەگریان کرد ئەو رۆژە بڕیاری وازهێنانم لە کارەکەمدا، بەڵام کەچوومەوە ماڵەوە بینیم برا بچووکەکەم داوای لێکردم ئەم مانگە کە مووچەم وەرگرت جانتایەکی منداڵانەی بۆبکڕم، منیش بڕیارمدا واز لەکار نەهێنم و درێژە بەکارەکەم بدەم، چونکە خۆشەویستیم بۆ ئەو برا بچکۆڵانەیەم گڕوتینی پێبەخشیم بۆ درێژەدان بەکارکردن و بڕیارمدا گوێ نەدەمە هەڵسوکەوتی کەس و هیچ ئازارێکی دەروونی کارم تێنەکات.

(ع) لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە کارکردنی ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و بەتایبەتی لەناو سوپەرمارکێتەکاندا شتێکی زۆر پێویستە، چونکە بەشێکی زۆری کڕیارەکان ئافرەتن و وەهاش باشترە کە فرۆشیارەکەش ئافرەتبێت، بەتایبەتی زۆر شت هەیە کەتایبەتە بە شتومەکی ئافرەتان وەك جل و بەرگی ئافرەتان و کەرەستەکانی جوانکاری ئافرەتان و هەندێك شت کەتایبەتن بە ئافرەتان ئەوەش روون و ئاشکرایە کە ئافرەتان باشتر لەیەکتری تێدەگەن و دەتوانن باشتر مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن تاوەکو بتوانرێت کارەکە بۆ ئافرەتە کڕیارەکە ئاسن بکرێت.

(ش) لەیەکێك لە کۆمپانیاکانی شوێنی فرۆشتنی کەلوپەلی ناو ماڵ کاردەکات، ئەو تا رادەیەك وەك خۆی وتەنی ئافرەتێکی سەربەستە هەندێك جاران بەهۆی زۆری کڕیارەکان درەنگانێك دەچێتەوە ماڵەوە، لەگەڵ ئەوەش زۆر جار رووبەڕووی قسەو توانجی دەر و دراوسێ و خەڵکانێکی زۆر دەبێتەوە، ئەوەشی وت کە هەندێك لە دەر و دراوسێ و خەڵکانێك توانج ئاراستەی هاوسەرەکەی دەکەن و گلەیی ئەوەی لێدەکەن کەچۆن ئەو رێگە بەژنەکەی دەدات وادرەنگ بچێتەوە ماڵەوە، ئەو ئافرەتە ستایشی هاوسەرەکەی خۆی کرد کە تائێستا ئازادی تەواوی داوەتێ سەرباری قسەو توانجی دەر و دراوسێ و خەڵك هیچ جۆرە بەربەستێکی بۆ دانەناوە، ناوبراو ئاماژەی بەوەش دا کە تائێستا زۆر جاران کاتێك لەگەڵ هاوسەرەکەیدا رووبەڕووی قسەو توانجی دەر و دراوسێ و خەڵك و بگرە خزمەکانیشی دەبێتەوە، بەڵام ئەم و هاوسەرەکەی هەوڵدەدەن خۆیان لەو کێشەو گیروگرفتانە لابدەن و زۆر ژیرانە رووبەڕوویان دەبنەوە و لەسەر کارەکانیان سوورتر دەبن. ئەوەشی دووپات کردەوە کەپێویستە ئافرەتان خۆڕاگرتربن بەرامبەر بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و چیان بوێت بیکەن بۆ رزگاربوون لەو کۆت و بەندانە.

خاتوو(ن) کە لە یەکێك لە سوپەرمارکێتەکان کاردەکات سەبارەت بە خراپی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە لەبواری کەرتی تایبەتدا کاردەکەن دەڵێت، کارێکە دوورە لەگشت بەها مرۆڤایەتییەکان و گشت نەریتەکانی نێو کۆمەڵگەی ئادەمیزاد. لەبەر ئەوە نابێت و ناکرێت ئافرەتێك کە لەبواری کەرتی تایبەتدا کاربکات، بەسووکی تەماشا بکرێت. چونکە ئەمانە خزمەتێکی بێ وێنە پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکەن و خزمەت بەو کۆمەڵگەیە دەکەن کە ئەو مرۆڤە تیادا دەژی، خاتوو(ن) ئاماژەی بەوەدا کە ئەمڕۆ زۆر جێگەی داخ و مخابنە کە خەڵکانێك دەروونیان نەخۆشە و مامەڵەی ناشایستە و نامرۆڤانە لەگەڵ ئەوانەدا دەکەن. ئاماژەی بەوەشدا کە تائێستا زۆرجار تووشی کێشە بووە لەگەڵ کڕیارەکانی و هەندێکجار لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ لەلایەن چەند گەنجێکەوە تووشی کێشەبووە و هەراسانیان کردووە، ناوبراو ئەوەی بەباش زانی کە هەوڵبدرێت سەندیکایەك بۆ ئەو ئافرەتانە بکرێتەوە کە لەبوارەکانی کەرتی تایبەتدا کاردەکەن، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە لەناو سوپەرمارکێتەکان کاردەکەن، چونکە ئەگەر سەندیکایەك هەبێت باشتر دەتوانرێت ژیانیان بپارێزێت. هاووڵاتی هێمن عەلی وای بەباش دەزانی کە ئافرەتان لەم شوێنانەدا کارنەکەن، چونکە رووبەڕووی هەموو جۆرە کەسانێك دەبنەوە، تیایاندا هەیە خەڵکی نەزان و نەفامە، هەیە کە تیل و توانج دەگرێتە ئافرەتەکە و گێچەڵیان پێدەکات و ئازاری دەروونیان دەدات. لەبەر ئەمە واباشترە ئافرەتەکان لەو جێگایانەدا کارنەکەن بۆئەوەی رووبەڕووی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی نەبنەوە. (عەبدولکەریم) کەباوکی دوو کچە ئەوانیش لەبواری کەرتی تایبەتدا کاردەکەن، ئاماژە بەوە دەدات کە کارکردنی ئافرەتان لەم جێگایانەدا زەرورەتێکی کۆمەڵایەتیە، لەبەر ئەوەی دەبێت ئافرەتانی کوردیش ئەو کۆت و بەندانە بشکێنن کە بوونەتە رێگر لەبەردەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی روون و ئاشکرایە کە هەموو نوێگەرییەك سەرەتا بەرهەڵستی لێدەکرێت و خەڵکانێك هەن دژی هەموو گۆڕانکارییەك دەوەستنەوە. کاتی ئەوە هاتووە کە ئافرەتانیش شانبەشانی پیاوان لە گشت شوێنەکاندا کاربکەن و بتوانن رۆلێکی بەهێزیان هەبێت لە بنیادنانی ژێرخانی ئابووری خێزاندا. خاتوو(و) دایکی دوو کچە کە لەیەکێك لە سوپەرمارکێتەکان کاردەکات و ئەو وای بەباش دەزانی کارکردنی ئافرەتان لەم شوێنانەدا زۆر پێویستە وتی: لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتانەی کەلەم شوێنانەدا کار دەکەن دەتوانن هاریکاری دایك و باوکیان و خێزانەکانیان بکەن، چونکە وەك خۆتان دەزانن لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا ژیان زۆر سەخت بووە و ئافرەتان پێویستیان زۆر بەوە هەیە داهاتێکیان هەبێت تاوەکو بتوانن هاریکاری خێزانەکانیانی پێبکەن و پاشەکەوتێکیشیان بۆ خۆیان هەبێت.

عەلی پیاوێکی بە تەمەنەو کچێکی لە یەکێك لە سوپەر مارکێتەکان کاردەکات و ئاماژەی بەوەدا کە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا جیاوازی لە نێوان کاری کوڕ و کچدا نەماوە، چونکە کۆمەڵگە پێشکەوتنی بەرچاوی لەرووی کۆمەڵایەتیەوە بەخۆوە بینیوە و ئافرەتان دەتوانن بەکارکردنیان لەم جێگایانەدا خزمەتی بەرچاو بەو شوێنانە بکەن، لەهەمان کاتیش دەتوانن هاریکاری ماڵ و کەسوکارو خێزانەکانیان بکەن.

*** توێژەری کۆمەڵایەتی**




# کچان چۆن لەنێو بەشە ناوخـ

**دەشـــێ بڵێین کە بەشە ناوخۆییماڵی دووهەمی کچانە، ئەو ماڵەش ژیانێکی تایبەت و فرە رەنگی هەیە بۆ کچان. ئەوەی لە ژیانی خۆیاندا نەیان بینیوە و نەیان چەشتووە لەم ماڵەدا دەیبیستن و دەیچێژن. هەربۆیە هەر کچە و بەجۆرێك و بە رەنگێکی جیاواز بەم وێستگەیەی تەمەنیدا رەتدەبێ و بەجۆرێ گوزارشت لەم ئەزموونە تایبەتییەی خۆی دەکات. با لە میانی وەرگرتنی را ی چەند کچێك ئەم وێستگەیەش بەسەر بکەینەوە و سووچێکی ئەم جیهانە داخراوەی کچان نیشان بدەین...**

**هانا جەمال: ژیانی ناو بەشە ناوخۆیی زۆر ناخۆشە و زۆربەی کچەکان بە گۆرانی و مۆبایل و شتی پڕوپوچ کاتیان دەکوژن**

(ژیـــان عەلـــی) خوێندکاری بەشـــە ناوخۆییـــە بەمجۆرە باس لـــە چۆنیەتی بەســـەربردنی ژیانی نێو بەشـــەناوخۆیی دەکات و دەڵێـــت: دەتوانم بڵێم کە لەبەشـــە ناوخۆیـــدا ژیانێکی تایبەتمـــان هەیە. وا هەســـت دەکەم کە ئێمە لە سەربەســـترین کاتی خۆمانداییـــن و ئێرە تایبەترین ژیانی تەمەنمانە، چونکە فیلتەری ژیانی بەشـــە ناوخۆیی باشـــترین تاقیکردنەوەی کچانە لەوەی کە چـــۆن بتوانن متمانە لەســـەر خودی خۆیان دروست بکەن و چۆن بتوانن پێوەندییەکانیان لەسنووری ئاسایی بپارێزین و پێوەندی نوێ دروســـتبکەن. بەرنامەی کاتەکانمان بەســـەیری فیلم و گوێگرتن لە گۆرانی و قسە و گفتوگۆ بەسەر دەبەین و دواتر جلەکانمان ئامادە دەکەین بۆ رۆژیی دوایی و دواتر قســـەو بـــاس و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی رۆژ دەستپێدەکەین، چونکە ئـــەوەی هەرچی بەســـەر بێـــت و ببینێ هەمووی دەزانیت. فەزایەکە کەس ناتوانێت نهێنی تێـــدا بپارێزێت. ئەگەرچی هەندێك کەســـی فزوڵیشـــی تێدایە، بەڵام فەزای شـــوێنێکە بۆ خۆی وایـــە. دواتر (ئەڤین ئەحمەد) خوێندکاری قۆناغی ســـێیەمی کۆلیژی زانســـت هاتە ناو قســـەکانمان و ئەویش بەمشێوەیە بیروڕای خۆی دەربڕی و وتـــی: رۆژانە لەدوای دەوامی کۆلیژەوە دەڕۆینەوە بەشە ناوخۆییەکەمان، فەزای نێو بەشە ناوخۆیی فەزایەکی زۆر بەرتەسك و ناخۆشـــە، بەتایبەتی تۆ کە بتەوێ کاتێك بۆ خوێندنـــەوە دیاریبکەی، بۆیە زۆربەی کاتەکەمان بە پێکەنین و نووســـتن بەسەر دەبەین. تەنها ئـــەو کاتانە دەخوێنینەوە کە رۆژانی تاقیکردنەوەکان دێنە پێشەوە. هەر لەبەر ئەوەیە زۆرکەمە کچێك لەناو بەشـــە ناوخۆیـــی بژێت و بتوانێت یەکەم دەربچێت لەبەشەکەی خۆیدا.

(هانا جەمال) خوێندکاری بەشە ناوخۆیی قلیاســـانی کچان دەڵێت: ماوەی سێ ساڵە لە بەشە ناوخۆیی ژیان دەگوزەرێنم. سەرەتا زۆر بە ئاواتی بووم پێیبگەم، بەڵام بەڕاستی ژیانی نێو بەشـــەناوخۆیی زۆرناخۆشـــەو زۆرکێشەی هەیە. تەواوی رۆژەکانم بەشتی بێسوود و بێکەڵك دەڕوا، دوور لە فێربوونی زانســـت، چونکە ئەوکاتەت پێی نابەخشێ کە سوود وەربگرین.

(کـــوردە عەلی)یـــش خوێندکارێکـــی بەشی ناوخۆییە ئەویش هەر بێزاری خۆی



# ـــۆییەکـاندا ژیـان دەگـوزەرێنن

لــە ژیانی نێو بەشــە ناوخۆیی دەربڕی و وەك خۆی دەڵێ: بەردەوام بێزارم لەبەشــی ناوخۆیی، چونکە کەسایەتی خوێندکارەکان لەیەك جیــاوازن و دووره، بۆ نموونە بوونی چەنــد خوێندکارێــك لەژوورێکدا کە هەر یەکەی کەســایەتییەك و میزاجێکی هەیە، ئــەوەش بۆ مــن زۆر قورســە و چەندین کێشــە رووبەڕووم دەبێتــەوە، بەتایبەت لە تاقیکردنەوەکانمــدا لەوکاتانــەش هەندێك ڕێگــری دەکەم لە کارەکانیان وەك گۆرانی لێدانــی مۆبایلەکانیــان یاخــود تێلیفۆن کــردن و هەڵپەڕکــێ و ئــەو بابەتانە کە کچەکان حەزیان لێییە. ناتوانین ئەو کەشە دروستبکەین و بخوێنینەوە تەنها خەریکی قسەو گێڕانەوەی یادگارییەکانی قۆناغی ئامادەین.

(خەرمان عوســمان) خوێندکاری بەشی ناوخۆی کانیی ئیســکان دەڵێت «زۆربەی شەوەکانی بەشە ناوخۆیی بە وێنە گرتن و قژ ئتوکردن و جل ئتوکردن بەسەر دەبەین و بۆ سبەینانێی کۆلیژ خۆمان خەریك دەکەین. ژیانی بەشــە ناوخۆیی زۆر داخراوە. بەو جۆرە نەبێت بۆمان تەواو نابێت، زۆرجاریش بەدیــار چیرۆکــی یەکترەوە دادەنیشــین، چونکــە ئەوەی کچەکان لــە ژیاندا پێیان ناوترێت لەناو بەشە ناوخۆیدا زۆربەئازادی بەبێ ترس دەیلێت، دەتوانم بڵێم ئەو بەشــە ناوخۆییەی ئێمــە ئازادترین کات و ژیانی کچێنیمانە کە بەسەرمان بردبێت.

(تاقگە جووتیــار) قۆناغی چوارەمی کۆلیژی کارگێڕی دەڵێت «ژیانی بەشــە ناوخۆیــی لەمێژووی ژیانــی کچێنیم دا زۆر تایبەتــە، چونکە پەروەردەی مێینەی ئێمە لەســەر ئەوەیە کە تائەوکاتەش دێینە بەشە ناوخۆیی هیچ سەربەستیەکمان نییە، تەنانەت لە شتە ئاساییەکانی ژیانماندا. هەر بۆیە بەشە ناوخۆیی وەك قوتابخانەیەك وایە کە چۆنمان پەروەردە دەکات لەســەر ئەوەی چۆن بتوانین بڕیاربدەین لەسەر ئەوەی چۆن دێین چۆن دەڕۆیــن. فێرمان دەکات چۆن بەرپرســیاریتی و خۆ ناسی خۆمان ببەین بەڕێــوە، چونکە تائەوکاتەی لەناو خێزانین خێزان سەروەرە لە بڕیاردان بۆمان. هەربۆیە ژیانی بەشــە ناوخۆی دەتوانێت فێری زۆر شــتی گرنگی کردین. بەڵام خاتوو(ئەژین ســیروان) کە قۆناغی چــواری کۆلێژی ئادابــە لەیەکێ لە بەشــە ناوخۆییەکانی هەولێر دەژی بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشی شــیکاریی هەیە و دەڵێ: راســتییەکەی ژیانی نێو بەشــەناوخۆیی بەتایبەتی هی کچــان فرە ڕەهەند و فــرە رەنگ و پڕ لە نهێنییــە. ئەمەش بۆ کەســیەتی خودی کچەکان دەگەڕێتەوە کە سەر بە کام جیهانن. کچ هەیە شەرمن و کەم تێکەڵ و داخراو و گۆشەگیرە، ئەوەندە ئاگای لە دنیای پڕ لە عەشق و سەفای کچان نییە، ئەم جۆرەیان لەناو بەشــەناوخۆیی کێشەیەکی وای نییە کە لێی بێــزار بێ مەگەر دەنگە دەنگ و قاقای پێکەنینی کچانی تر نەبێت. کچیش هەیە تەنیا خەریکی عەشقبازی و دڵدارییە و فری بەسەر خوێندنەوە نییە و خۆشترین ســاتی تەمەنی ژیانی نێو بەشەناوخۆییە. هەیە دنیای بەفشــە وەگرتــووە و ئەوەندە بایــەخ بە خوێنــدن نــادات تەنیا حەزی لەسەفرە و گەشت و گەڕان و پیاسە کردن و کات بەسەر بردنە.

**ژیان عەلی:**
**ژیانی بەشە ناوخۆیی فەزایەکە کەس ناتوانێ نهێنی تێدا بپارێزێت**

**تاقگە جووتیار:**
**ژیانی نێو بەشەناوخۆیی لە مێژووی تەمەنی کچێنیمدا زۆر تایبەتە**




بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com